# ئابووری کار

قۆناغی دووەم – بەشی ئابووری


مامۆستای بابەت : م.ی.هیمداد امین ابوبكر
himdad.abubakr@su.edu.krd

2023 - 2022

# چەمکە پەیوەندی دارەکان بە ئابووری

1- ژیری ( العقلانية) Rationality

**تاکەکەس بە ژیرانە بیربکاتەوە وەبەباشترین شێوە  هەموو ئەو دەرامەتانەی لەبەردەستی دایە خەرجی بکات و بەکاریان بهێنیت بە شێوەیەك زۆرترین سوودی پێبگەیەنێت ،ئەمەش لە ڕێگای گۆڕینی هەڵسوکەوتی تاك بۆ باشترین هەڵسوکەوت کە ئەم ئامانجەی پێ دەستەبەر بکات. کەواتە کرێکار و خاوەن کار هەوڵ دەدەن بە باشترین شێوە دەرامەتەکان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی زۆرترین قازانج بەدەست بهێنن.**



# 2- پەیکەری هێزی کار ( هيكل قوة العمل ) Workforce Structure

**دەتوانین دانیشتوان پۆلێن بکەین بەم شێوەیە:-**

**أ- ئەو بەشەی کە تەمەنی یاساییان لە نێوان ( 18 -56 ) کە پێیان ئەوترێت هێزی کار کە ئەمانەش بریتین لەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن بە هەردوو توانا و هێزی جەستەیی و بیری ( ذهني ) لە ئەنجامدانی کار ، وەهەروەها ئەوکەسانەش کە هێز و توانایان هەیە و بە دوای کاردا دەگەڕێن بەلاّم دەستیان ناکەوێ.**

**ب- ئەوکەسانەی کە لەتەمەنی کارکردن دان بەلاّم بێکارن و بە دوای کاردا ناگەڕێن وەك قوتابی و ئافرەتی مالّ.**

**ت- ئەوکەسانەی کەلە ناو بازنەی تەمەنی کاردا نین وەك ( منالّ و بەسالاّچووەکان).**

**بۆیە بازاڕی کار گرنگی بەو کەسانە دەدات کە هێزی کار پێك دەهێنن ( جا لە ناوکاردا بن یان بێکار)**

# 3- تێكڕاى چالاكى ( معدل النشاط ) Activity Rate  AR

واتە ئەو كەسانەى كە هەڵدەستن بە ئەنجامدانى كار لە ناو كۆمەڵگا، وە ئەم تێكڕایە بەدەست دێت لە ڕێگاى دابەشكردنى ( ژمارەى دانیشتوانى چالاك ) بەسەر ( ژمارەى گشتى دانیشتوان ) بەلاَم ئەو تێكڕایە چالاكى ڕاستەقینەمان نیشان نادات چونكە ئەو كەسانەشى لەخۆگرتوە كە یاسا ڕێگایان نادات كاربكەن ، بۆیە پەنا دەبەینە بەر بەكارهێنانى پێوانەیەكى وورد تر بۆ ئەوەى تێكڕاى چالاكى ڕاستەقینەمان نیشان بدات كە ئەویش پێى دەوترێت ( تێكڕاى چالاكى پوختە ) كە بریتیە لە ژمارەى هێزى كار لە هەر 100 كەس كە لەتەمەنى یاسایى دان و ئەتوانن كاربكەن

# 3- تێكڕای چالاكی ( معدل النشاط ) Activity Rate  AR

* وەبەم شێوەیە هەژمار دەكرێت :

$$AR = \frac{AP}{PWA} * 100$$

بەشێوەیەك كە :

AP= ژمارەی دانیشتوانی چالاك ( هێزی كار ) ( Active Population ).

PWA = ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی كاركردن ( Population in Working Age).

تێكڕای چالاكی دەوەستێتە سەر ئەو هۆكارە كاریگەرانەی كە كار لە سەرە و خوارەوەی ئەم هاوكێشەیە دەكەن كە بریتین لە :-

* ئەو یاسایانەی كە كاردەكەنە سەر بارودۆخی كار ( تەمەنی كار ....هتد ).
* تێكڕای زیادبوون و گەشەی سروشتی دانیشتوان.
* بارودۆخی ئابووری وەك هەڵئاوسان و بێ بازاڕی.

# 4-تێکڕای بێکاری ( معدل البطالة ) Unemployment Rate UR

**بریتیه له ڕێژەی نێوان ژمارەی دانیشتوانی بێ کار لەگەڵ ژماری گشتی دانیشتوانی چالاك**

$$UR = \frac{UP}{AP} * 100$$

UP = ژمارەی دانیشتوانی بێ کار Unemployed population

AP = ژمارەی دانیشتوانی چالاك ( هێزی کار ) ( Active Population ).

**هەرکاتێك تێکڕای بێکاری کەمبوو ئەوا ئاماژەیە بۆ هەبوونی حاڵەتی بەکارخستنی تەواوەتی وە بە پێچوانە .**

# 5-بەرهەمی هەمووەکی (الانتاج الكلي)Total Product

**بە پێی بیردۆزی نیوکلاسیك بەرهەمی هەمووەکی پشتی پێدەبەستێت بەتەواوەتی بۆ دیاری کردنی قەبارەی هیزی کار و تێکڕای کرێ، وەقەبارەی بەرهەمی هەر دامەزراوەیەکی ئابووری پشت دەبەستێت بە هۆکارەکانی کار و سەرمایە و تەکنە لۆجیا بە لەماوەی درێژخایەن :**

$$Q = f ( L , K , T, \ldots\ldots )$$

**بەلاّم لە ماوەی کورت خایەن بە پێی بیردۆزی ( کلاسیك ) قەبارەی بەرهەم پشت دەبەستێت بە دەستی کار بەتەنها و بە جێگیربوونی هۆکارەکانی تر :**

$$Q = f ( L )$$

# 6- تێکڕای بەرهەمی کرێکار(الانتاجیة المتوسطة للعمل)
# Average Product of Labor

ئەم چەمکە بریتیە لە پێنوێنیك بۆ پیوانەکردنی توانای پڕۆژە لە بەدەست هێنانی زۆرترین بەرهەم بە کەمترین هۆکاری بەرهەمهێنان ( دەستی کار )، وە بریتیە لە ئەنجامی دابەشکردنی قەبارەی بەرهەم بەسەر یەکەی بەکارهاتوو لە دەستی کار بەم شێوەیە:-

$$APL = Q/L$$

# 7- بەرهەمی سنورەکی کرێکار ( الانتاجية الحدية للعمل ) Marginal Product of Labor

بریتیە لە بڕی زیادەی بەرهەم هێنان بە هۆی بەکارهێنانی یەکەی زیاتر لە دەستی کار ، یاخود گۆڕان لەبەرهەم دابەش گۆڕان لە دەستی کار بەم شێوەیە :-

$$MPL = dQ / dL$$

# بەشی دووەم
# پەیوەندی نێوان دانیشتوان و هێزی کار

**پەیوەندیەکی ئاڵو گۆڕی هەیە لە نێوان دانیشتوان لەگەڵ هێزی کار بەجۆرەك دانیشتوان کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵێك گۆڕاوی ئابووری بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئابووری کار.**



# پەیوەندی دانیشتوان بەگۆراوە ئابووریەکان

1-کاریگەری دانیشتوان لەسەر پاشەکەوت:

**ئەگەر ژمارەی دانیشتوان زیادی کرد دەبێتە هۆی کەمی پاشەکەوت چ بەنیسبەت حوکومەتەوەبێت یان بەنیسبەت تاکەکەسەوە بێت چونکە زیاد بوونی دانیشتوان دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەکاربردن بەمەش پاشکەوت کەم دەبێت ، بەلاّم تاییەت بە حکومەت بۆیە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێت پێداویستیەکان زۆرتر دابین بکات پاشەکەوت کەم دەبێت .**

ژماری دانیشتوان ↑ ← پاشەکەوت ↓ (پەیوەندیەکی پێچەوانەیە)



**2-كاریگەری دانیشتوان لەسەر وەبەرهەم هێنان : زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان وا لە حکومەت دەکات وەبەرهێنان زیاتر بکات بەتاییەتی لە سەرمایەیی نەگۆرکەبریتیە ( نەخۆشخانە ، قوتابخانە ، رێگاوبان ... ) و هەروەها دابین کردنی هە لی کار بۆ هێزی کار کەئەمەش نابیتە هۆی زیادبوونی بەرهەم چونکەوەبەرهێنان تەنها لە سەرمایەیی جێگیر ئە نجامدەدرێت .**

ژماری دانیشتوان ↑ ← وەبەرهێنان لەسەرمایەیی جێگیر ↑



3-كاریگەری دانیشتوان لەسەربەكاربردن : زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە هۆی زیاد بوونی خواستی گشتی چالاك ئەمەش بەهۆی بوونی زۆربوونی خواست كەلەسەر شتومەكی بەكارهێنراو ڕووئەدات وەلەئە نجامی ئەم گۆڕانكاریەش بەكاربردن زیاد دەكات بەهۆی زیادبوونی پێداویستیەكانی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان وە حوكمەت هەندێك جارپێویستی بەقەرزی دەرەكیە.

ژماری دانیشتوان ← خواستی گشتی چالاك ← بەكاربردن



**4 -كاریگەری دانیشتوان لەسەرهێزی كار:زیادبوونی هێزی كار دەبێتە هۆی زیادبوونی خستنە ڕووی دەستی كارلە بازاڕ ،ئەگەر دانیشتوان لەتەمەنی كاردا نەبن واتە (65-16)دەبێتە هۆی كەم بوونی هێزی كار بەتێپەربوونی كات دەبێتە هۆی دروست بوونی بێكاری .**



## بیردۆزەکانی دانیشتوان

## 1-بیردۆزی ڕەشبینی مالتوس (النظرية التشاؤومية )

**مالتوس لە ساڵی (1798) کتێبێکی بڵاو کردەوە لەسەر ((دانیشتوان))، پێی وابووە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە هۆی نەهامەتی و نەداری بۆ چینی کرێکار. وەهەڵسا بە لێکۆڵینەوە کە ئایا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتەهۆی خۆشگوزەرانی مرۆڤ یان نەهامەتی ، بەڵام بۆی دەرکەوت کرد کەدەبێتەهۆی نەهامەتی ونەداری .**



تۆماس روبرت مالتوس


بەریتانیا

1834 -1766

## بیردۆزەکەی لەسەر دوو بنچینەی دانا ئەوانیش بریتیین لە :-

1-خواردن پێویستە بۆ مرۆڤ کەوا ناتوانێت وازی لێبێنێت فەرامۆش بکرێت.

2-خەریزەی جنسی کاریگەری دەکاتە سەر مرۆڤەکان کەوا هەردووکیان هەستیان بۆ یەکتری هەیە بۆ یەکتر هەبێت،بەمەش منداڵبوون زۆر ئەبێت.



# دەرئەنجامەکانی ماڵتۆس  پێگەیشتبوو

1-دانیشتوان بەشێوەیەکی ئەندازەی زیاد دەکات،( 2،4،8. )

2-زیاد بوون لە بەرهەم ( مواد غذائیة )بەشیوەیەکی ژمارەیە( 1،2،3،4...... )

بەمەش دەبێتەهۆی دروست بوونی کەلێن لەنێوان دانیشتوان وبەرهەم بۆیە لێرەدا دەبێت دانیشتوان کەم بکرێت یان بەرهەم زیاد بکرێت بەلاَم ناتوانرێت بەرهەم زیاد بکرێت چونکە دەکەوێت  ژێر کاریگەری  ( یاسایی کەم بوونەوەی بەرهەم ،قانون متناقص الغلە )بۆیە ماڵتۆس  پێی وایە چارەسەر ئەوەیە کە دانیشتوان کەم بکرێتەوە بە پیٚ ئەم قیود ە چارەسەرانە :

# چارەسەرەکان

1-قیود وقائیه ( خۆپاراستن ): دیاریکردنی قەبارەی هاوسەرگیری و ژمارەی منداڵ دوای هاوسەرگیری .



2-قيود إجابيه : پێویسته برسێتی ونەخۆشی و جەنگ زۆر بکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی مردن زیاد بکات وەژمارەی دانیشتوان کەم بکرێتەوە بگەرێتەوە بۆ باری هاوسەنگی.







# ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕی بیردۆزەکەی ماڵتۆس بۆیەوە

1-ماڵتۆس دەڵێ :دانیشتوان بەشێوەیەکی ئەندازەی زۆر ئەبێت و بەرهەم بەشێوەیەکی ژمارەی ،بەڵام بەتێپەر بوونی کات داتاوزانیاریەکان گۆرانکاری بەسەر دادێت.

2-گرنگی نەدا بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی بەرهەم.

3- خەڵکی خۆیان هەستان بەکەمکردنەوەی منداڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیریان نەك ئەو رێگایانەی مالتوس باسی کردووە .

4-گرنگی نەدا بەچینی سەرمایەکاری کە دەبێتە هۆی دروست بوونی نەهامەتی ونەداری بۆ چینی کرێکار.

چونکە ماڵتۆس دەڵێ :چینی کرێکار خۆیان وادەکەن کە هەژاری ونەداری ونەهامەتی بۆ دروست بێت

## 2-بيردۆزى گەشبينى-دۆركهايم (نظرية دوركهايم التفائولية)

به پێچەوانەی بیردۆزی ڕەشبینی یەوە زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان به گرنگ وباش دائەنێت.باسی گرنگی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان ئەكات له پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی ئابووریدا . چونكه زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان ئەبێته هۆی دروست بوونی(پسپۆڕی و دابەش بوونی كاری كۆمەڵایەتی )كەبریتیه ((له خاڵی دەست پێك بۆ جێبەجێ كردنی زنجیرەیەك چاكسازی له زۆر بواری ژیاندا))



إميل دوركايم
فەرەنسا
1917 - 1858

# بۆ گەیشتن بە شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی پابەند بوو بە دوودیاردە:

1-زیادبوونی قەبارەی گشتی دانیشتوان

2-بەرزبوونەوەی چڕی دانیشتوان

بەشێوەیەکی دوورو درێژ باسی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کرد وە بۆ سەلماندنی ئەم دیاردەیە کۆمەڵگای دابەش کرد بۆ :

# دابەش کردنی کۆمەڵگا بۆ سێ قۆناغ.

1-کۆمەڵگای ئاژەڵداری


2-کۆمەڵگایی کشتوکاڵی

3-درووست بوونی شار (واتە خەڵکی لادیەکان ڕویان لەشارکرد بۆ بەسەربردنی ژیان) ، وەدەرکەوتنی ڕێگاوبان و گواستنەوە .

تێبینی /کەواتە زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان وە چڕی دانیشتوان ئەبێتە هۆی پێشکەتنی لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی وڵات و خۆشگوزەرانی .

# 3-بیردۆزی ئاراستەی هاوبەش (اتجاه الاشتراكي)

* ((کارڵ ماکس)) بە دامەزرێنەری ئەم بیردۆزە دائەنرێت .بیردۆزەکە لەم خاڵانەی خوارەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێدراوە :



**کارل هانریك مارکس**

**1818 – 1883**

**ئەڵمانیا**

1-ئەو ڕەوتە دەرکەوت کە لەدوایی سەدەی 19دوایی چالاك بوونی ڕەوتە هاوبەشەکان لە ڕۆژئاوایی ئەورووپاو ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا.

2-ئەم بیردۆزە هیچ بیردۆزێکی نوێی دانەنا ،تەنها هەستا بەشیکردنەوەی ئەو دەرئەنجامانەی کەبیردۆزەکەی ماڵتۆس (بیردۆزی ڕشبینی )پێی گەیشتبوو،دەربارەی نەهامەتی و نەداری لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئابووری و سیاسی.کە ئەمەش بە بەشێك لە چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی ئەو کاتەی کە ئابووری سەرمایە داری بە قۆناغێکی گەشە سەندوو تێپەڕ ئەبێت دائەنرێت.

3 -ماركس جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی زیادەیەكی رێژەی لە كرێكار هەیە ،نەوەك زیادەیەكی رەها لە ژمارەی دانیشتوان.

4-چینی سەرمایە داری (سیستەمی سەرمایە داری ) پێشكەوتن و گەشەسەندی چینی سەرمایەداری ئەبێتە هۆی دروست بوونی زیادەیەك لە هێزی كرێكار،ئەمەش دەبێتە هۆی كەمبوونی كرێ.

پ/چون دەیسەلمێنیت كە چینی سەرمایە داری دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی كری؟

و/لەپیشەسازیدا چینی سەرمایەدارەكان هەڵئەستن بە بەكارهێنانی سەرمایەی نەگۆڕ(ألالات ومكائن). زیاتر لە سەرمایەی گۆڕاو (كرێكار) ئەمەش وا ئەكات كە سەرمایەی نەگۆڕ جێگەی سەرمایەی گۆڕاو بگرێتەوە ،ئەم جێگا گرتنەوەش دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی كرێ بە هۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان .

5-کەواتە مارکس  بۆی دەرکەوت کە چینی کرێکار خۆیان ئەبنە هۆی کەڵکە بوونی سەرمایە لە دەست چینی سەرمایەداران ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی بێکاری و زیابوونی کرێکارو کە مبوونی کرێ.

پ/چۆن سیستەمی سەرمایە داری وا دەکات هەژاری وبێکاری دروست بێت لەناو چینی کرێکار؟

و/ سەرمایەدارەکان هەڵئەستن بە بەکارهێنانی سەرمایەی نەگۆڕ(ألالات ومکائن) لە پیشە سازیدا کە ڕێژەکەی زیاترە لە سەرمایەی گۆڕاو ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی زیادە لە دەستی کار وە دروست بوونی هەژاری لە ناو چینی کرێکاردا.

# 4- بیردۆزی ڕەشبینی (مالتوسی) نوێ

لەدوایی شکست هێنانی بیردۆزی ((ڕەشبینی)) بەرامبەر هەردوو بیردۆی (إشتراکی)و(گەشبینی)لەسەر دانیشتوان لە سەدەی (19)سەرەتایی سەدەی (20)ڕەوتی ماڵتۆسی نوێ دەرکەوت لە سەرەتایی سەدەیی (20) کەهیچ جیاوازیەکی گەورەی نیە لەگەڵ بیردۆزە کۆنەکەی تەنها لە ڕێگەکانی شیکردنەوی گرفتەکان جیاوازە .

⭑ئەم ڕەوتە چالاك بوو بەشێوەیەکی تایبەت پێش جەنگی جیهانی دووەم لە هەریەك لە(ئەڵمانیا،ئیتالیا،یابان،لەپاشان لەهندورۆژئاوایی ئەوروپا).

- زۆر بوونی دانیشتوان لەهند تەنها نابێتە هۆی زیادبوونی گرفتی دانیشتوان لە هند بەڵکو وڵاتانی دراوسێش دەگرێتەوە .چونکە زیادبوونی هەژاری ونەداری لە هند لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی دوژمنایەتی لەگەل وڵاتانی دراوسێ هەر ئەوەی کە داوایان کرد لە وڵاتانی( ئەڵمانیا،ئیتالیا )پێش جەنگی جیهانی دووەم کە زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە هۆی تەقینەوەو شەڕ بەئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو دائەنرێت بەهۆی بوونی دانیشتوان ئەم ڕەوتە نەوەستا لەسەر دیاری کردنی هۆکارەکانی جەنگ ودوژمنکاری بەڵکو پەنایی بردە بەر شیکردنەوەی هۆکارەکانی دواکەوتوی لە وڵاتانی جیهانی سێ یەم کەتوانیان سەربەخۆی وەرگرن لە دوایی جەنگی جیهانی دووەم

ژمارەی دانیشتوان لەو ولآتە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بونی هەژاری و دواکەوتوی ئەم ولآتانە ، بۆیە گرتنە بەری هەر ڕێگەیەك بۆ پەرە پێدان وگەشەسەندنی ئابووری هیچ سودی نیە چونکە زۆر بوونی ژمارە دانیشتوان دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتنی بەشێکی زۆر بەرهەمی نەتەوەی ،دانپێدانانی ئابووری و دارایی بە ولآتانی جیهانی سێیەم لەلایەن ولآتانی پێشکەوت ودەبێتە هۆی فراوان بوونی کێشەکە چونکە ئەو یارمەتیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیان کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونی تێکڕایی مردن وە زیاد بووونی تێکڕایی لەدایك بوون ،ئەمەش دەبێتە هۆی دوو هێندە بوونی ژمارەی دانیشتوان ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پەرەپێدانی ئابووری .